Bakhtiari Shamaiy

دەوڵەتی کوردی و بێ بەرنامەیی:

چەکدارکردنی چەند لایەنێکی دەسەڵاتداری کوردستان، نیشانەی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی نییە. دەوڵەت هەر بە چەک دروست ناکرێت، چەک و هەموو ئامرازەکانی بەرگری و سەربازی، زۆر گرنگ و پێویستن بۆ بەرگری لەخۆکردن و ئاشتی و ئاسایشی وڵات، بەڵام چەک هەموو شتێک نییە. بەتایبەتی بۆ ئەمڕۆی ئێمەی کورد کە خاوەنی سوپایەکی نیشتمانیی راهێنراو و پەروەردەکراو نین، دەبووایە لە ماوەی ئەم 23 ساڵەی ئازادی و خۆبەڕوەبردنەی باشووری کوردستاندا ، هیچ نەبوویایە بەو بوودجە تۆکمەیەی کە هاتە دەستی ئەو لایەنە دەسەڵاتدارانەوە، چەند کارگە و پرۆژەی بەرهەمهێنەری نیشتمانیی دابمەزرێنرانایە و تەنگژەی هاوردەکردنی هەموو پێداویستییەکانمان لە دەرەوەڕا چارەسەر بکردایە و ئەو لەشکرە بێ کارەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە، بکرایە بە لەشکرێکی چالاک و بەرهەمهێنەر. لەم 23 ساڵەدا جگە لە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و ئامرازە کارەبایی و ئەلەکترۆنییەکان و خۆراک و خواردنەوەی خراپ و ماوەبەسەرچووی وڵاتانی ناوچەکە، جگە لە مۆڵ و هۆتێل و باڵەخانە دروستکردن، جگە لە خۆسەرمایەدارکردن و رابواردن و خۆشگوزەرانیی خۆیان، ئیتر بیریان لە هیچ پرۆژەیەکی بەرهەمهێنان و گەشاندنەوەی ئابووریی نیشتمانی نەکردەوە. ئەو رێژە کەمە بەرهەمە کشتوکاڵییە ناوخۆییەی کە هەشبوو، ئەوەشیان نەهێشت و زۆربەی کرێکاران و جووتیارانیان کرد بە خانەنشین و مووچەخۆر و مووفتەخۆری بێ بەرهەم. لە هەموو باشووری کوردستاندا 23 کارگەی تێدا نییە کە بەرهەمهێنەر بێت و بەشێک لە پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵگە دەستەبەر و مسۆگەر بکات، جگە لەم کێشە گرنگە چارەسەرنەکراوانەش، زۆربەی شوێنە گشتییەکانی گەشتیاریی وڵات، کۆمپانیا بێگانەکان بەڕێوەی دەبەن. هەتا ئێستا نە لەشکری نیشتمانیمان هەیە و نە بەرهەمی خۆماڵیی نیشتمانیمان هەیە و نە سیستەمی بانکی نیشتمانیمان هەیە و نە ئابووری و کشتوکێڵی نیشتمانیمان هەیە، ئیتر دەوڵەت، چۆن و بەچی دروست بکەین و چۆن بەڕێوەی بەرین و چۆن بیپارێزین!؟

بەختیاری شەمەیی

22.08.2014